کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-7-2007 16:09

## کاتێک سەرۆک گەڕایەوە چی وت پاشان چی ڕوی دا! ... سەمیرحسین

ئەو ڕۆژەی کەبەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق لەئێران گەڕایەوە کە چەند دانشتنێك کرابوو لەنێوان هەردوو لادا کە گەڕایەوە بۆ کوردستان لەفرۆکەخانەی سلێمانی ئاگادربووم لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی دا باسی دوو خاڵی کرد کە تاڕادەیەك دژی یەك بوون، کە جێگەی تێڕامان بوون یەکێکیان ئەوەبوو کە ئێران بڕیاری داوە هاوکاری ماددی ومەعنەوی عێراق وهەرێمی کوردستان بکات، پاشان خاڵێکی گرنگتر لەوەی باسکرد کە بەڕاستی پەیوەست بوو بە بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە، کە هەموو مان دڵمان خۆشبوو ئەویش ئەوەبوو کە باسی ئەوەی ئەکرد کە ئێران بڕیاری داوە هەموو سەرانی جوندالسلام بگرێت وئێستاش هەندێکیان گیراون.



بەڕاستی هەرئەو ڕ و ژە گومانم بوو لەوقسەکردنەو لەوبیرکردنەوەیە چونکە ئێران زۆر بەجوانی سیاسەتە دووڕوەکانی دەرکە توە نەك هەر لەکوردستان دا کە بەردەم بۆ پلان دەگەڕێت، بەڵکو بۆعێراق هەموو ئەو شوێنانەی کە دەستی ئەم وڵاتە ی پێدەگات و لە هیچ سوچێکی دنیادا ئارامی لەبەرژەوەندی ئێراندا نیە. پرسیار لێرەدایە ئەگەر ئەوانە گیراون، بۆچی جارێکی دیکە لەناوچەکانی پێنجوێندا سەرهەڵ دەدەنەوە، ئەو ڕوداوە زۆر جاوازی کاتی نیە لەگەڵ قسەکانی سەرۆکدا، تۆبڵێ ئێران گاڵتە نەك هەر بە بەڵێن وئەوقسانە بکات کە ڕۆژانە هەزاران درۆ دەکەن بەڵکو گاڵتەشیان بەپیرۆزیەکانی هەموو کوردستان دێت، پرسیار لێرەدا دروست دەبێت تۆ بڵێت دەست وەشاندنی ئەوگروپە لەوانەبێت کەئێران بۆی نەگیرابن؟ یان ئەمانە ئەو گیراوانەبن کە
ئەوپێشمەرگانە یان بەبی هیچ هۆیەك لەم بارودوخە ناسکەدا شەهید دەکەن و ناهێڵن ڕۆژێك ئەم وڵاتە دایکێك جەرگی نەسوتێت.
دەبێت ئەوشتانە لێك بدرێتەوە ئایا هەڵوێستی سەرکردیەتی کوردی چی دەبێت لە ئاشکرا ئەو ئاژاوانەی کە لەسنوری هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت، ئەو گریمانانە چین لەپشت ئەم ڕوداوانەوە ئاخۆ ئەم ڕوداوە چەند جیاوازبێت لەو بەڵێنەی کە بە سەرۆکیان دا.
ئاخۆ هەڵوێستی سەرۆك چۆن بێت دوای ئەوەی کە ئەوپێشمەرگانە شەهید کران بەدەستی ئەو دەستگیرکراوانەی کە سەرۆك ئەوڕۆژە ڕای گەیاندن بۆ هەموو هەرێمی کوردستان. بۆچی ئێران وادەکات؟ ئایا ئەوەنی یە کە چاوی بەم بارودۆخە هەڵنایەت، لەلایەکی ترەوە بۆچی لەسەرەوە هاوکاریمان دەکات ولەژێرەوە لێمان دەکوژێت، ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە کود بەجدی بیر لەم مەسەلە چارەنوس سازانە بکاتەوە؟ ئەی ئەگر گریمان هاوپەیمانەکان وئەمریکا لەعێراق کشانەوە دەبێت بارودۆخی کوردستا ن لەژێر ڕەحمەتی ئەو دراوسێ چاکە دا چۆن بێت؟ بەڕاستی ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن کە مێشکی زۆرێکی لەئێمەی داگیرکردوە وەڵامی ئەم پرسیارانە لەوانەیە زیاتر لەلای سەرکردایەتی کوردبێت، ئەوەی کەدەبێت قسەی لە سەر بکرێت لەم ڕوداوانەدا کەزیاتر ڕونن.
یەکەم: ئەوەیەکە دەبێت دڵنیابین جوندالسلام هەرماوە ئیدی گرنگ نیە چەند کەس بن
دووەم: دڵنیابن هەر ڕۆژێك ئێران بیەوێت بەئاسانی ئەتوانن دەست بوەشێنن، ئەو هێزە ئێران وەکو فشارێك دەیان هێڵێتەوە بۆترساندی سەرکردایەتی کوردو ڕۆژی خۆی. بۆیە ئەوەی کەگرنگە و پێویستە بوترێت ئەوەیە کە بەڕاستی نەك ئێران ڕێز بۆ ئەو وتووێژانەدا نانێت کە دەیانکات وئەو دوالیزمەی کە لە سیاسەتی قێزونی ئێران دا بە ئاشکرا دەردەکەوێت بەڵکو بەردەوام لە پلاندا یە کە ئارامی ئەم وڵاتە بشێوێنێت، ئیدی بەهەرشێوەیەك بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.